خەڵاتی ماملێ پێشکێش بە عەلی ئەکبەر مورادی دەکرێت

لێپای ئێو خزمەتێ بەرچاوی بە هونەر و میوزیکی کوردی کردووە، خەڵاتی ماملێ بە ساڵی 2025 پێشکێش بە هونەرمەند و میوزیسیانی کورد، عەلی ئەکبەر مورادی دەکرێت.

ناوەندی ماملێ لە پێگەی فەرمی تایبەتی خۆی بەاویکردنەو و رایگەیاند،" لە درێژی چالاکیی ساڵانی ناوەندی ماملێ بە دەستنیشانکردنی هونەرمەندی ساڵ، بەیار درا کە خەڵاتی ساڵانی ماملێ بە ساڵی 2025 پێشکێش بە هونەرمەند عەلی ئەکبەر مورادی بکرێت."

ڕەوەسمی بەخشینی خەڵاتی ماملێ ماوی 16 ساڵێ لەلایەن ناوەندی ماملەوە بەڕێوەدەبرێت و ساڵانە بە هونەرمەندێک، یاخود گرووپێکی میوزیک دەبەخشرێت، کە جەدەستی لە هونەر و میوزیکی کوردیدا دیار بێت.

لە ساڵانی رابردوودا لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان ئەم خەڵاتە پێشکێش بە چەند هونەرمەند

و گرووپێکی میوزیکی کوردی کراوە، لەوانە، "شڤان پەروەر، مەزهەر خالقی، تیپی مۆسیقای سلێمانی، عەباس کەمەندی، دڵشاد سەعید، ناسۆ ڕەزازی، قالە مەم، ئەندریاس ئیسرائیل خەمۆ و چەند هونەرمەندێکی تر."